# دیسان چەوتیەکانی سەلاح گەرمیان!

عامر سابیر
asabir79@hotmail.com

سەلاح لە وەلام بە( ئاراستە چەوتەکانی سەلاح گەرمیان! ) دا دەلێت من بەشداری لە هەلبژاردنەکانی عێراقدا ناکەم بەلکو وەك کاندیدێك لە هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشداری دەکەم، من هیوادارم لەو گالتەجارِی و سوکایەتی کردنەش بە خەلکی کوردستان پەشیمان بێتەوەو بەشداری ئەویشیان نەکات کە هەر لە ئێستاوە کورسیەکانی دابەش کراوە لە بەینی کۆنەپەرستان و دەسەلاتدارە دزەکانی کوردستاندا.

رادیۆی (FM2000) کە رۆژانی پێنجشەم بۆ ماوەی سەعاتێك بە زمانی کوردی لە سدنی بلاودەبێتەوە، لە لایەن (مستەفا خەلیل) ەوە ئامادەو پێشکەش دەکرێت. لە 2004/12/23 ئەم پرسیارانەی ئاراستەی سەلاح گەرمیان کە ئێستا خۆی کردوە بە سەلاحی گەرمیان کرد.

پ1/ گوهدارێن بەرِێزو هێزا ئێستاش ئێوەو ئەڤ راگەیاندن لە هێلا بەرێز سەلاح گەرمیانی ئەندامی ناەندی حەلەبجە.

پ2/ کاك سەلاح نەها ئێمە بێینە سەر پرسیارێکی تر، وەکو ئێمە ئەزانین جەنابتان لە لیستەی سەربەخۆی هەلبژاردنی گشتی عێراقدای، دەتوانی بۆ ئێمە باسی ئەو لیستەی بکەی، کێ لە ئەو لیستەدا هەیە.

پ3/ باشە کاك سەلاح نەها ئێمە بێینە سەر هەلبژاردنی عێراقێ بە گشتی وە بە تایبەتی لە هەرێمێ کوردستاندا، بە شێکی زۆر هەیە لە هەرێمی کوردستان، دەلێن هەن کۆرِی سەربەخۆ و ناوەندی سەربەخۆ هەیە کەس هەیە ئەمانە بە گشتی لە دزی هەلبژاردنی عێراقێ بەگشتینە، ئێوە ئەم شت چۆنی ئەبینن.

سەلاح لە وەلام بەم پرسیارانەدا باسی نەکرد وە روونی نەکردوە کە بلێت کاك مستەفا پرسیارەکەت هەلەیە من لە هەلبژاردنی کوردستان نەك عێراق بەشداری دەکەم، ئێستا پاش ئەوەی ئەم گۆلەی لێکراوە لە گفتوگۆیەکی چەند خولەکیدا وە پاش ئەوەی من چەوتێکەیم ئاشکرا کرد، دەلێت من لەمیاندا بەشدارم نەك لەویان!؟.

سەلاح بە من دەلێت ( فەریکە سیاسی، فەریکە کۆمۆنیست، شاگرد ) پەنا بردن بۆ ئەم قسانە کاری کەسێکی لێهاتوو بەتوانا نییە، کەسێك کە قسەی سیاسی و وەلامی سیاسی و توانای سیاسی هەبێت پەنا بۆ ئەم جۆرە ووشانە نابات.

هەروەها پێم دەلێت ( لەو فوتابخانەیەی وەکو شاگردێك تەلقین ئەدرێم )، ئاخر لە فەرهەنگ و ئاینی ئیسلامدا تەلقین بۆ مردوو نەك زیندوو ئەدرێت.

لە وەلامەکەیدا سەلاح خۆی بە دلسۆزی حککع دەنوێنێت و ئیخباریم دەکات لەلای حیزبەکەم کە گوایا هەموو عەرەبم بە فاشیست لە قەلەم داوە، من نوسیبووم ( یان ئەوەی کە لە پرۆسەیەکدا بەشداری دەکات کە خەلکی کوردستان بە دەست و چاوی بەستراوەوە دەباتەوە بەر رەحمەتی ریش پانە ئیسلامییەکان و عەرەبە فاشیستەکان لە بەغداد ). ان کە بۆ کەسی سێەمی کۆیە من خستومەتە سەر ووشەی فاشیست نەك عەرەب وەك سەلاح هەلێگێراوەتەوە، تۆ کە هێندە دەست و پێ سپی لە رێزمانی کوردیدا بۆ رەخنەی لەم چەشنە ئەگریت؟ خۆ گەر بلێم عەرەبە فاشیستەکان یان فاشیستە عەرەبەکان، ئەمە ئەو ئەنجام گیری یەی لێ ناکرێ کە من بە هەموو تاکێکی عەرەبم ووتبێت فاشیست.

ئەو بە ئێمە دەلێت ( هەموو جۆرە سوکایەتیەك بە هەست و خواستی خەلکی کوردستان ئەکەن ) سەلاح لە جیاتی ئەم ووشە ریزکردنە ئەبوایە زەحمەتی بکێشایەو چەند دانە لەو سوکایەتیانەی بۆ خوێنەر باسکردایە؟

لە کۆتایدا سەلاح ئاگادارمان دەکاتەوە و ئەلێت هاورِییان ئێوە بەم کردەوانەتان گورزی توند لە مارکسیزم ئەوەشێنن. ئەرێ بەراستی سەلاحی گەرمیان تۆ دەربەستی ئەوەی کە ئێمە بە کارەکانمان گورزی خراپ لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم بوەشێنین؟ ناکا هێشتا لەو شوێنانەی بەکەلکت دێت خۆت بە مارکسی لەقەلەم بدەیت؟

2005/1/2 سدنی